# پێوەندییەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەب

**پ. ی. د. عەبدوڵلا ڕەحمان عەولا**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردە - مەخموور)**

**(١- ٢)**

کۆمەڵناسیی ئەدەب یەکێکە لەو زانستانەی کە لەگەڵ پەیدابوون و دەرکەوتنیدا، بایەخی تایبەتی خۆی وەرگرتووە و سەرنجی لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بەپێی سروشتی زانستەکە بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی ئەدەب دەدات و لە کلاوڕۆژنەی پێوەر و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵایەتی و بە ئاوێتەبوون لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی ئەدەبدا، بەرهەمی ئەدەبی دەخاتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە.

بە شێوەیەکی گشتیش دەکرێت بڵێین کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە لە کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و لایەن و ڕەهەند و بنچینە و بنەماکانی دیاری دەکات، بۆیە زانستێکە کرانەوەیەکی بەخۆیەوە بینیوە و لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر لە بۆچوون و بیروڕا و ڕەوتی لەخۆ گرتووە، هەروەک زانای کۆمەڵناسی (ئەنتۆنی گیدنز) دەڵێت: «کۆمەڵناسی بایەخ بەو شتانە نادات کە پێشتر هەبوون و بەخشراون، بەڵکوو بایەخ بەو جیهانە دەدات کە پێکی دەهێنێت، یان بزاڤی چالاکییە خودییەکان بەرهەمی دەهێنن، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی سروشت دەگۆڕێت، دواتریش لە ڕێگەی بەخشینی سروشتێکی مرۆڤایەتییەوە خۆشیان دەگۆڕن» (جیدنز، ٢٧٨:٢٠٠٠). ئەو گۆڕانکارییانەی تێکڕا کاریگەری لەسەر دامودەزگە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دروست دەکەن و بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندنیان دەبەن، بۆیە دەکرێت بڵێین کۆمەڵناسی «زانستی کۆمەڵگە و دامودەزگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو یاسایانەیە کە پێشکەوتنەکەی دیاری دەکەن، ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوەی بابەتی لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە لە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ بەشێوازێکی زانستی دەکۆڵێتەوە» (حسن، ٢٠١٢ :٢٠).

کۆمەڵناسی ئەدەب لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەی کە ڕێوشوێن و یاسا و ڕێساکانی کارکردنی دەستنیشان دەکەن، پێوەندییەکانی خۆی ڕەنگرێژ دەکات و لەچوارچێوەی کاری ئەدەبیدا، پێوەندی لەگەڵ

بەشـەکانی ئەدەبـدا دەبەسـتێت و بـەو هۆیـەوەش کاریگـەری لەسـەر ژانـر و بابەتـە ئەدەبییـەکان بەجێ دەهێڵێت و بەشـەکانی ئەدەبیـش بـە سـوود وەرگرتـن لـە خەسـڵەت و سـیما و ئەدگارەکانـی کۆمەڵناسـی ئـەدەب، بەرهـەم و بابەتەکانیـان پێش دەخـەن و گەشـەی پـێ دەدەن. لـەم ڕووەوە هـەوڵ دەدەیـن ڕووناکـی بخەینـە سـەر جـۆر و شـێوەی ئـەو پێوەندییانـەی کـە کۆمەڵناسـی ئـەدەب لەگـەڵ بەشـەکانی ئەدەبـدا دەیبەسـتێت.

١ - پێوەنـدی لەگـەڵ ڕەخنـەی ئەدەبی: ڕەخنـەی ئەدەبـی وەک بەشـێکی گرنگـی ئـەدەب، لـە چوارچێـوەی پێوەنـدی ئـەدەب بـە کۆمەڵگـەوە، بایـەخ بـە مـرۆڤ دەدات، بـەو پێیـەی کـە مـرۆڤ سروشـتێکی کۆمەڵایەتـی هەیـە، ئەوجا ئـەو مرۆڤـە داهێنـەر بێت، نووسـەر و شـاعیر بێت، یـان وەرگـر بێـت، هـەوڵ دەدات لـەو ڕێگەیـەوە پێوەندییەکانـی بـە بوارەکانـی کۆمەڵگـە شـی بکاتـەوە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی ئـەو کارە ئەدەبییانـەوە دەبێـت کـە داهێنـەران و نووسـەران بەرهەمـی دەهێنـن و لەلایـەن ڕەخنەگرانـەوە ڕاڤـە و شـرۆڤەی لایـەن و ڕەهەندەکانیـان دەکرێت و لـە فراوانکردنـی زانیـاری و چێژەکانـی خوێنـەر بەشـدارییەکی کارا دەکـەن، ئەمـەش لـە ڕێگـەی کۆمەڵێـک تیـۆر و میتـۆدی ڕەخنەییـەوە فەراهـەم دەبێـت، کـە بەهۆیانـەوە ڕەخنەگران هەڵسـەنگاندنەکانی خۆیـان لەسـەر بنیاد دەنێن، بۆیـە ڕەخنـەی ئەدەبی لـە خودی ئەزموونـی ئەدەبییـەوە دێتەکایـەوە، کـە ((سـەرچاوەی هـزری مرۆڤایەتییـە لـە ڕێگـەی کارلێکردنـی لەگـەڵ واقیـع و لـە دروسـتکردنی پێوەندییـە هونـەری و ئیسـتێتیکییە پێشـکەتووەکان لەبـارەی کۆمەڵگـەوە، لێرەشـدا زاراوەی ڕەخنـە دەچێتـە نـاو جەوهـەری گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـەکان)) (سـکوت،١٩٨١: ٥)، لەمەشـدا هـەوڵ دەدات سـوود لـە خەسـڵەت و سـیفاتەکانی کۆمەڵناسـی ئـەدەب وەربگرێت و لـە ڕێگـەی میتـۆد و تیۆرەکانییـەوە پرۆسـەی شـیکردنەوە و ڕاڤەکردنـی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان لەچوارچێـوەی پێوەنـدی ئـەدەب و کۆمەڵگـەوە بەڕێـوە ببـات، ئەمـەش دەمانگەیەنێتـە ئـەو خاڵـە هاوبەشـانەی کـە لەنێـوان کۆمەڵناسـی ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبیـدا هـەن، کـە خۆیـان لـەوەدا دەبیننـەوە هەردووکیـان لێکۆڵینـەوە و شـرۆڤەکردنیان لەبـارەی ئەدەبـەوە کردووە و کار لەسـەر بەرهەمـی ئەدەبـی دەکـەن و ڕەهەنـد و لایەنەکانـی شـی دەکەنـەوە.

بـەو واتایـە بەرهەمـی ئەدەبـی کۆمەڵناسـی ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبی بەیەکـەوە کۆدەکاتـەوە، لێرەشـدا مەسـەلەی دان و بەخشـین بایەخـی خـۆی دەسـەلمێنێت، بـەو پێیـەی کـە هەمـوو بوارەکانـی ئـەدەب لەگـەڵ زانسـتەکانی دیکـەدا چەمـک و زاراوە و پێوەر و ئەنجام لەگـەڵ یەکدیدا ئاڵوگۆڕ دەکـەن و هـەوڵ دەدەن لـە لێکۆڵینەوەکانیانـدا سـوود لـە بنەمـا و پێکهاتـەی یەکتـر وەربگـرن، بـەو واتایـەی دان و بەخشـینێکی سـوودمەندانە لەنێـوان ئـەدەب و زانسـتەکاندا، بـە مەبەسـتی سـوود گەیانـدن بـە خوێنـەر و وەرگـر دێتەکایـەوە، لەهەمـان کاتیشـدا تێگەیشـتن لـە دیـاردەی ئەدەبـی دەوەسـتێتە سـەر پێگـەی زانیـاری و زانسـتەکانی لێکۆڵـەر و ڕەخنەگـر، هەروەهـا وەرگرانیشـەوە، بـەو پێیـەی کـە ئـەوان لـە ڕێگـەی زانیـاری و مەعریفەکانیانـەوە بەرهەمـە ئەدەبییـەکان شـی دەکەنـەوە، ئەمـەش واتـای ئـەوە دەگەیەنێت کـە ڕەخنـەی ئەدەبـی لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا و بـۆ گەیشـتن بـە ئەنجام سـوود لـە چەمـک و یاسـا و ڕێسـای زانسـتەکان وەردەگرێت و خـۆی پـێ دەوڵەمەنـد دەکات (امبرت،٢٠٠٩: ١٩).

لـەم ڕوانگەیـەوە ئامـاژە بـەو میتۆدانـە دەدەیـن کـە لـە بـواری ڕەخنـەی ئەدەبیدا پێوەندییەکانیـان بـە کۆمەڵناسـی ئەدەبـدا چڕتـر و بازنـەی تێکچڕژانیـان

فراوانتر کردووەتەوە.

- ڕەخنەی کۆمەڵایەتی: میتۆدێکە لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی پێگەی نووسەر و بەرهەمە ئەدەبییەکان لەناو کۆمەڵگەدا پرۆسەی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن بکات، لەمەشدا سوود لە بوار و زانستەکانی دیکەی کۆمەڵگە وەردەگرێت و لەناواخنی لێکدانەوەکانیدا تەوزیفیان دەکات.

بەو واتایەی کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ((ڕێبازێکی ڕەخنەییە، واتە ڕاهاتن و ئەزموونێکی ڕاڤەکاری و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکانە، کە وشەی (ڕەخنە) لەگەڵ وشەی بنەچە (کۆمەڵایەتی) بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بەهۆیەوە واتای (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)، یان (ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی) وەک ڕەخنەیەک دیاری دەکرێت کە لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ دەقەکان دامەزرابێت)) (فیالا،٢٠١٣: ٩٢ - ٩٣) و هەوڵ دەدات بایەخ بەهەموو ئاستەکان بدات و تەنیا لەو سنوورە نەمێنێتەوە، کە شیکردنەوەکانی دەقی ئەدەبی کێشاویانە، بەڵکوو لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی دەقەوە دەست بە شرۆڤە و ڕاڤەکانی دەکات و هێما و ئاماژە دەرەکییەکانی دەق بە پەیوەستبوون بە دەقی ئەدەبییەوە شی دەکاتەوە.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەو میتۆدەیە کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی ((خوێندنەوە و پیشاندانی لایەنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیرییەکان بدەین لەو دیاردەیەدا کە پێی دەڵێن دەقی ئەدەبی)) (مجموعة من الکتاب،١٩٩٧: ١٣٦). بەم پێیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بایەخ بە لایەنە کۆمەڵگەییەکانی دەقی ئەدەبی دەدات و هەوڵ دەدات لەوێوە مانایەک بۆ دەرهاوێشتەکانی دەق بێنێتەکایەوە، لەبەر ئەوەشە کە ((هەماهەنگییەکی پتەوی لەگەڵ دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵدا هەیە، دەتوانین بڵێین کە دەرئەنجامی واقیعی ژیانە، یان بەواتایەکی تر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوونی نابێت تەنیا لە زەمینەی واقیعی کۆمەڵدا نەبێت)) (سالح،٢٠١٢: ٤٣).

ئەم میتۆدە لە دنیای ڕەخنەی ئەدەبیدا بەشێوەیەک خۆی چەسپاند کە پێویستی بەوە هەبوو وەک میتۆدێکی سەربەخۆ پێگەی دیاری بکات و دەربکەوێت، چونکە ماوەیەکی زۆر ئەم میتۆدە بە بەشێک لە میتۆدی مێژوویی دانراوە و بەیەکەوە کار و ئەرکەکانیان ئەنجام داوە، بە واتایەکی دیکە لە ئەنجامی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ڕەخنەی مێژووییەوە، جۆرێکی دیکە لە ڕەخنە دروست بووە، کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەمە پێوەندییەکی جەوهەری هەردوو ڕەخنەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کۆدەکاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە باوەشی ڕەخنەی مێژووییدا پەروەردە بووە و لەدایکبووە.

لەبەر ئەم هۆکارەش ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە ڕۆڵی خۆی، کاریگەری لەسەر فراوانی بازنەی بایەخدانەکانی ڕەخنەی مێژوویی بە سەردەمە کۆنەکان هەبوو. بەم شێوەیە ڕەخنەی مێژوویی زەمینەیەکی گونجاو و لەبارەی بۆ سەرهەڵدان و نەشونمانکردنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕەخساند، چونکە ڕەخنە پێویستی بەو جۆرە تێبینی و گۆشەنیگایە هەبوو کە تەنیا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی نەکرێت، بگرە وەک دوکیۆمێنتێک هەوڵی ساغکردنەوەی لایەن و ڕەهەندە دیار و شاراوەکانی مێژوویی بەرهەمە ئەدەبییەکان بدرێت، بەڵکوو پێوەندییەکانی بەرهەمی ئەدەبی بە جیهانی دەرەوە ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، چونکە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

((بزووەتنەوەیەکە تەنیا لە دەقی دامەزراو و کۆنەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لە گەڕان و هەوڵدانـدا زمانێکی نوێ دادەهێنێت و کێشەی نوێ دەردەخات و پرسیاری نوێ دەکات، بۆیە ناکرێت خوێندنەوەی ڕەخنەیی کۆمەڵایەتی ڕەچەتەیەک بێت بگاتە دوا واتا و دوا مەرجەع و حوکمێکی چڕ و تێروتەسەل شێوەگیر بکات)) (قطوس،٢٠٠١: ٨٣ - ٨٤)، بەڵکوو پێویستە ڕوحی بەرهەمە ئەدەبییەکان زیندوو بکاتەوە و لە پێویستبوونی بە بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵ و ئامانجەکانی خۆی بە ڕوونی دەستنیشان بکات، بەمەش ڕەخنە وەک پرۆسەیەک دووبارە گەشەسەندن و زیندوویەتییەک بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە ((ئەگەر ڕەخنە تەنیا لە شیکردنەوەی دەقەکان و حوکمدان لەسەریان کورت بووەوە، هیچ واتایەکی نامێنێت، بەڵکوو وا پێویستە ڕەخنە لەبارەی کاری ئەدەبی لەسەر ئەو بناغەیە بێت کە بەشێکە لە سیستمی کۆمەڵایەتی و ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن ئەو کارە سەری هەڵدا و پێوەندی لەگەڵ سیستمەکانی دیکەدا چییە)) (زکي،١٩٧٢: ١٢٨).

بۆ ئەوەی بتوانێت لە جیهانی دەرەوەی دەقەوە مانایەک هەڵهێنجێنێت و لەو ڕێگەیەوە بەشێک لە زانیاری و مەعریفەی وەرگر فراوانتر بکات، بەم کارەش دەقی ئەدەبی لە تاک ڕوانین و گۆشەنیگای تەسک ڕزگاری دەبێت، بەمەش ((ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت لە هەڵە تێگەیشتی بەرهەمە ئەدەبییەکانی بەردەممان بمانپارێزێت، بەهۆی ڕووناکی خستنە سەر ئەو وەزیفەیە، یان ئەو ڕێوشوێنەی کە ئەگەر زانیاریمان لەبارەیەوە وەرگرت، ئەوکات لەبەشێک لە لایەنەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگەین)) (دیتش،١٩٦٧: ٥٥٧) و توانایی لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیهانی دەرەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانمان دەبێت، بۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ((تەنیا فێری خوێندنەوەی دەقمان ناکات، بەڵکوو یارمەتیمان دەدات و چاومان دەکاتەوە بۆ خوێندنەوەی ژیانمان و پێوەندیمان بە جیهانی دەروبەرمانەوە)) (قطوس،٢٠٠١: ٨٧)، بەو ڕەنگەی کە ئیتر واتا تەنیا لە چوارچێوەی دەقدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی دەرخستنی پێوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە و بەهۆی سوودوەگرتن لە زانستەکانی دیکەوە، توانیویەتی گەشەسەندنێکی تەواو بە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بدات.

بەم شێوەیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە هەناوی ڕەخنەی مێژووییدا لەدایک دەبێت و گۆشەنیگا و ڕێڕەوی توێژینەوەی خۆی دیاری دەکات، هەروەک (جۆرج لۆکاش ١٨٨٥- ١٩٧١) ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: ((لێکۆڵینەوە و ڕەخنە ئەگەر ڕوویان کردە مێژووی کۆن ئەوە مێژووە، ئەگەر ڕوویان کردە سەردەمی هاوچەرخ، ئەوساکە دەتوانین ناوی بنێین کۆمەڵایەتی)) (الفضل،٢٠٠٥: ٢٧).

ئیتر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی توانی لەو ڕۆڵە پاشکۆیەتییە ڕزگاری ببێت و خۆی وەک میتۆدێکی زیندوو و سەربەخۆ و خاوەن خەسڵەت و سیما و بنەمای تایبەتی دەربکەوێت. بەحوکمی ئەوەی کە بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی مارکس کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی هەبووە، بەتایبەتیش ئەو بیروبۆچوونە فەلسەفییانە وەک ڕەوتێک لەناو خودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا و پێگە و جێگەی ڕخنەی کۆمەڵایەتییان بەرەو چەسپاندن و گەشەسەندن برد، بۆیە زۆر جار ئەو ڕەخنەیە بە (ڕەخنەی مارکسیزم)، یان بە (ڕەخنەی مارکسی و کۆمەڵایەتی) هەژمار دەکرێت، دیارە لێرەدا زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر بیروڕایەکانی مارکس و هاوڕێیەکانی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا.

لەم چوارچێوەیەشدا لێکۆڵەر و ڕەخنەگران لە پێوەندی نێوان کۆمەڵناسیی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا بیروڕای جیاوازیان هەیە:

ا ـ بەشێک لەوانە ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی یەک بەرنامە و پرۆگرامدا کارەکانیان بەڕێوەببەن. بەو واتایەی کە کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی جیاوازن، لەم ڕووەوە (السید یسین) ڕای وایە کە جیاوازی لەنێوان کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا هەیە و پێی وایە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە بنچینەدا لێکۆڵینەوە لەسەر ململانێیەکانی ناو کۆمەڵگە ناکات، بەڵام کۆمەڵناسی ئەدەب بەو پێیەی لقێکە لە لقەکانی کۆمەڵناسی ناکرێت ململانێیەکانی ناو کۆمەڵگە فەرامۆش بکات، ئەو پێی وایە کۆمەڵناسی ئەدەب لەبنچینەدا لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئەدەبی لە کۆمەڵگەدا لە گۆشەنیگای زانستی کۆمەڵناسییەوە دەکات و ئامرازە تایبەتەکانی بەکاردەهێنێت (یسین،٢٠٠٧: ١١٨).

٢ـ بەشێکی دیکە لەو لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانە پێیان وایە کە کۆمەڵناسی ئەدەب لە خودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە هاتووەتە کایەوە، لەمبارەیەوە (عاطف فوئاد) پێی وایە کە ((کۆمەڵناسی ئەدەب لە بۆشاییدا لەدایک نەبووە، بەڵکوو لە ژێر عەبای ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە هاتووەتە دەرەوە))، پێیان وایە کە هەردووکیان بەدوای ڕاستی و بەهاکاندا دەگەڕێن و هەوڵ دەدەن باری کۆمەڵگە و ئەدەب باشتر بکەن (عبدالجواد،٢٠٠٩: ٢١-٢٢).

بەڕای ئێمە کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێوەندییەکی پتەویان بەیەکترەوە هەیە و زەمینەسازی و ژینگەی لێکۆڵینەوەکانیان لە یەک سەرچاوە و چوارچێوە هەڵقوڵاوە و جیاوازییەکانیان شتێکی ئەوتۆ نین، بە پێچەوانەوە، هەردووکیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا یەک دەگرنەوە:

ا ـ کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی ئەدەب و کۆمەڵگەدا لێکۆڵینەوەکانیان دەکەن و ڕەهەند و لایەنەکانی ئەوە پێوەندییە شی دەکەنەوە و ڕووناکی دەخەنە سەر.

ب ـ کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بناغە و بنەڕەتی کارکردنیان زانستی کۆمەڵناسییە و لە ڕێگەی ئامراز و پێوەر و یاسا و ڕێساکانی ئەو زانستەوە و پەیوەست بە ئەدەب، لێکۆڵینەوە دەکەن، بەو واتایەی کە هەردووکیان کۆکەرەوەی زانستی کۆمەڵناسی و زانستی ئەدەبین.

ج ـ کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و بەدەستهێنانی مانا و واتای هێما و کۆدەکانی ناودەق، تەنیا پشت بە جیهانی ناوەوەی دەق نابەستن، بەڵکوو پەل بۆ جیهانی دەرەوەی دەق دەهاوێژن و لەوێوە مانا و واتای نوێ هەڵدەهەنجێنن.

د ـ کۆمەڵناسی ئەدەب و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا کار دەکەن و لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە هەوڵی گۆڕانکاری و پێشخستنی دەدەن.

– ڕەخنەی بنیادگەری: میتۆدی بنیادگەری یەکێکە لەو میتۆدە هاوچەرخانەی کە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕۆڵ و پێگەیەکی بەرچاوی هەیە و زەمینەیەکی گونجاوی بۆ پێشخستن و گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی ڕەخساندووە. بنیادگەری (Structuralism) وەک زاراوەیەک ((ناوونیشانێکی کۆکەرەوەیە کە زمانناسی گەورە (ڕۆمان جاکبسۆن ١٨٩٦ – ١٩٨٢) لە ساڵی (١٩٢٩) وەک وەسفکردنێکی

کاره تیۆرییەکانی بازنەی زمانەوانی پراگ بەکاری هێنا)) (وغلیسی،٢٠٠٨: ١١١) .

وشەی بنیاد بەواتای دروستکردن دێت و لە هەمان کاتیشدا چۆنیەتی دروستکردنەکە دەگەیەنێت، لێرەشدا دەگوترێت بنیادی کۆمەڵگە، بنیادی کەسایەتی، بنیادی زمان....تاد، بەواتای دروستبوون و پێکهاتەی هەر شتێک دەگەیەنێت ((لە بنەڕەتدا وشەی بنیاد لەبواری بیناسازییەوە هاتووە، کە بەواتای چۆنێتی دامەزراندنی بینایەک دێت، بەم جۆرە وشە فەڕەنسییەکە (Structures) بۆ وشە یۆنانییەکە (Struereمان دەبات، کە بەواتای دانانی بەردی بناغەی بینایەک دێت)) (حسەین،٢٠٠٨: ٢٢).

چەمکی بنیادگەری وەک لیوناردۆ جاکسۆن باسی لێوە دەکات بریتییە لە ((لێکۆڵینەوە لە دیاردە جۆراجۆرەکانی وەک کۆمەڵگە و عەقڵانییەت و زمان و ئەفسانە، بەو شێوەیەی کە هەر یەکێکیان سیستمێکی تەواوە، یان گشتێکی بەیەکەوە پەیوەستدارن، واتە بنیادن، بۆیە لە رووی رێکخستن و هەماهەنگی رایەڵە ناوخۆییەکانییەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، نەک لە رووی ئەوەی کە کۆمەڵە گرووپێک بن لە یەکە، یان رەگەزی لەیەک دابڕاو، یان لە رووی یەک بەدواداهاتنی مێژووییەوە بێت)) (ناوریریت،٢٠١٠: ٣٠). بەو واتایەی بنیادگەری لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی رێکخستنی رەگەزەکانی گرووپێک دەکات و هەوڵ دەدات لەو رەگەزە پێوەندداررانە بکۆڵێتەوە کە بەهای هەر رەگەزێک لە پێوەندی لەگەڵ رەگەزەکانی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە ((مەبەست و ئامانجی رەخنەی بنیادگەری ئەوە نییە کە بەرهەمێک بە (شاکار) و یەکێکی دیکە بە (ساکار) لەقەڵەم بدات، بەڵکوو تەنیا لە چۆنیەتی پێکهاتنی رەگەزەکانی زمانی دەقەکە دەکۆڵێتەوە)) (ڕەشید، ٢٠٠٠: ١٨).

لە زاراوەی ئەدەبیشدا بنیادگەری ((بەگشتی بەشێوەی دارشتنی کۆمەڵێک پێوەندی توخمەکان و بەشەکانی پێکهێنەری بەرهەمێکی ئەدەبی لەگەڵ یەکتردا دەگوترێ)) (حسەین،٢٠٠٨: ٢٣)، کەواتە بنیادگەری بایەخ بە جیهانی ناوەوەی دەق و رایەڵ و پێوەندییەکانی ئەو توخم و ڕەگەزانەی کە پێکهاتەی دەق دەچنن و بەیەکەوە پێوەندییەک دێتە ئاراوە کە لە خودی خۆیدا ماناکان بەرهەم دەهێنێتەوە، بەبێ ئەوەی پەل بۆ دەرەوەی دەق بهاوێژێت، بەم شێوەیەش جیهانی دەرەوەی دەق فەرامۆش دەکرێت و لەناوخۆی دەقدا لێکۆڵینەوەکان ڕێچکە دەبەستن، هەروەک (ژان بیاژە) ئاماژەی بۆ دەکات، کە بریتییە لە کۆمەڵە گواستنەوەیەک کە یاسای خۆیان هەیە، بەبێ ئەوەی سنوورەکان ببەزێنێت، یان پەنا بۆ ڕەگەزە دەرکییەکان ببات (بیاجیە، ١٩٨٥: ٨). بنیادگەری سێ خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمانەن (ناوریریت،٢٠١٠: ٣١):

١ـ گشتی: لەلای جان بیاجیە ئەم خەسڵەتە بە (ڕستە) دێتە ناسین، بەو واتایە دێت کە بنیاد لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی ناوخۆی ریکخراو پێکهاتووە کە لەخودی خۆیدا تەواوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بنیاد لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی جیاواز پێک نایەت، بەڵکوو کۆمەڵە پێکهاتەیەک کە بەیەکەوە خەسڵەتێکی گشتگیر بەدەق دەبەخشن.

٢ـ گواستنەوە: بنیاد بەهیچ شێوەیەک جێگیر و چەسپاو نییە، بەڵکوو دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە گواستراوەکانی ناو دەق، بنیادە گشتگیرەکان دینامیکییەتێکی خودیان هەیە کە لە زنجیرەیەک گۆڕانکاری ناوخۆیی پێک دێن کە لەناو دەق

ڕوودەدەن، بۆیە بنیاد چەسپاو نییە، بەڵکوو هەمیشە لەناو خۆیدا بنیادی دیکە بەرهەم دەهێنێت.

٣- ڕێکخستنی خودی: بنیادی هەر دەقێک جۆرێک لە خۆڕێکخستنی تێدایە کە پارێزگاری لە یەکگرتوویی و مانەوەی دەکات و جۆرێک لە داخرانی خودیی بۆ فەراهەم دەکات، بەم شێوەیەش بنیاد پێویستی بە دەسەڵاتێکی دەرەکی نییە بۆ ئەوەی بیجووڵێنێت و ڕستەش پێویستی بە بەراوردکردنی نییە لەگەڵ نموونەکانی دەرەوەی خۆی، بەڵکوو پشت بە سیستمی زمانەوانی تایبەت بەدەوروبەری زمانەکەی خۆی دەبەستێ.

بەم شێوەیە بنیادگەری وەک میتۆدێک کە پشت بە دەق و جیهانە ناوەخۆییەکەی لە ڕەگەز و توخم و ڕایەڵەکانی دەبەستێت، گۆمی ڕەخنەی ئاساییانەی ئەدەبی شڵەقاند و جموجووڵ و نەشونماکردنێکی پێ بەخشی. لەم ناوەندەدا (لۆسیان گۆڵدمان ١٩١٣-١٩٧٠) بە سوودوەرگرتن لەو بیروڕایانەی بنیادگەری لەبارەی داخرانی دەق و شیکردنەوەی جیهانی ناوەوەی، هەوەرها بە پشتبەستن بە بیروڕایەکانی (کارل مارکس ١٨١٨-١٨٨٣)، توانی ڕێچکەی ڕەخنەیی لەژێر ناوی (بنیادگەری پێکهاتەیی)دا دابڕێژێت، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر توێژینەوە ڕەخنەییەکان بەجێ هێشت و زیندوویەتی و چالاکییەکی بەرچاویشی بۆ خودی میتۆدی بنیادگەری گەڕاندەوە.

لەم بارەیەوە (تێری ئیگڵتۆن) لە هەوڵەکانیدا ئاماژەی بە زاراوەی (بنیادگەری پێکهاتەیی) وەک زاراوەیەکی ئاوێتەیی کردووە و پێی وایە کە زاراوەی بنیاد، واتای جەختکردنەوە لە ڕەگەزە ناوخۆییەکان دێت، کە بە هەموویانەوە گۆشەنیگای نووسەر دیاری دەکەن، بۆیە جەختکردنەوەش لەسەر تێگەیشتن هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو گۆشەنیگایە، هەرچی چەمکی (پێکهاتە)یە، بەواتای گەڕان بەدوای جێگرەوەی مێژوویی دێت کە هۆکار و سەرچاوەی پێکهێنانی ئەو بنیادە بووە.

بەو واتایەی چەمکی بنیاد بایەخ بە بنیادی ئەو گوتارانە دەدات کە جیهانبینینێکی تایبەتی لەلا گرنگە، هەروەها چەمکی پێکهاتەیش جەخت لەسەر چۆنیەتی بنیادنانی ئەو بنیادە عەقڵییانە دەکاتەوە کە لەسەر ئاستی مێژوویدا هاتووەتە ئاراوە و پێوەندی لەنێوان جیهانبینی و بارودۆخە مێژووییەکە دروست کردووە (صدار، ٢٠٠٩: ٦٢ – ٦٣).

لێرەدا گۆڵدمان هەوڵی دا هەردوو لایەنی بنیاد و پێکهاتە تێکەڵ بکات و بۆ ئاوێتەیەکی میتۆدی بیانگۆڕێت، ئەمەش وەک پەرچەکردارێک بوو لە دژی میتۆدی بنیادگەری خۆی، کە لە ڕوانگەیەکی فۆرمالیستییەوە ئەدەبیان لە وەزیفە کۆمەڵایەتی و چالاکییە مرۆڤایەتییەکان دادەبڕی و وەک دەنگدانەوەیەکی بەتاڵی کاری زمانەوانی کە لەدەرەوەی مێژوودا بێت، مامەڵەیان لەگەڵ دەقدا دەکرد و ئیستێتیکای ئەدەبیان وشک دەکرد و بەرەو ئایدیۆلۆژیایەکی بێزراویان دەبرد (ناوریریت،٢٠١٠: ٥٩)، هەرچەندە پێشتر (جۆرج لۆکاش ١٨٨٥– ١٩٧١) کاری لەسەر ئەم بۆچوونانە کردووە.

ئەم بیروڕایانەی لۆکاش کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر گۆڵدمان دروست کردووە بە شێوەیەک کە ((لە گەلێک خاڵی سەرەکیدا لەگەڵیدا کۆک بوو، لەوانەش گوتارەکانی وەک: بنیادی دەلالی، هۆشیاری شیاو، بەشتکردن، گۆشەنیگای گشتگیر)) (شحید،٢٠١٣: ٢٧)، بۆیە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە لۆکاش باوکی ڕۆحیی

بنیادگەری پێکهاتەییە، بەڵام دان بەوەشدا دەنێن کە قورسایی ئەو کارە و داڕشتنی کۆتایی بنەما گشتییەکانی ئەو میتۆدە، کەوتە ئەستۆی لۆسیان گۆڵدمان کە ئەویش لە دانانی ئەو میتۆدەدا مەبەستی ئەوە نەبووە کە میتۆدێک بە میتۆدێکی دیکە بگۆڕێتەوە، بەڵکوو ئامانجی دۆزینەوەی جێگرەوەیەکی ئەرێنی بوو لە ڕوانین بۆ واقیع و ڕەخنەگرتن لێی لە ڕێگەی پێوەندییەکانی نێوان جیهانی داهێنان و جیهانی واقیعی.

گۆڵدمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ماددییەتی مێژوویی یەکێک لە بنچینە سەرەکییەکانی بنیادگەری پێکهاتەیی کە لە هزری مارکسی وەرگیراوە، هەروەها داهێنان و فەلسەفەش بە گوزارشتکردن لە جیهانبینی لەقەڵەم دەدات و پێی وایە داهێنانی ئەدەبی بەپێی ماددییەتی مێژوویی لە ئاستی جیاجیا لە واقیعدا هەیە و چوارچێوەی جیهانبینی پێک دەهێنن، ئەمەش ڕووداوێکی کەسی نییە، بەڵکە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە گۆڵدمان بەم شێوەیە میتۆدەکەی دەناسێنێت ((ئەگەر بنیاد لە واقیعدا ڕەنگدانەوەیەکی کرداری خەڵکی بێت، بەرانبەر ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی کە لە ئەنجامی پێوەندی نێوانیان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەدا دەورووژێت، ئەوە ئەم بنیادە بەشێوەیەکی هەمیشەیی ڕۆڵێک لەناو بنیادی کۆمەڵایەتییەکی گەورەتردا دەبینێ، کاتێکیش بارودۆخ دەگۆڕێت، ئەوە بنیادەکە لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە دەوەستێت، بەشێوەیەک کەسایەتی عەقڵانی لەدەست دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕین و دانانی بنیادێکی تازە لە جێگەکەیدا، ئەو پێوەندییەی نێوان بنیاد و ڕۆڵەکەی ئەو هێزەیە کە مێژوو دەجووڵێنێ)) (البازعي،٢٠٠٢: ٧٧)، هەروەها گۆڵدمان پێی وایە ڕاڤەکردنی کۆمەڵناسی یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکان لە شیکردنەوەی کاری هونەری، بۆیە ڕاڤەکردنی کۆمەڵناسی تەنیا هەنگاوی یەکەمە کە پێویستە، ئەوەی گرنگە ئەو ڕێگەیە بدۆزرێتەوە کە واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەهۆی هەستیاریی تاکی داهێنەر لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، گوزارشتیان لەخۆیان کردووە (صدار، ٢٠٠٩: ٦٣).

بەم شێوەیە بنیادگەری پێکهاتەیی لەدوو لایەنی سەرەکی پێک دێت: لایەنی دەرەکی و لایەنی ناوەکی، لەلایەنی ناوەکیدا جەخت کردنەوەیە لەسەر سیستمێک لە پێوەندییە گۆڕاوەکان، ئەمەش ڕەها و سەربەخۆ نییە، بەڵکوو پێویستە بە لایەنی دەرەکی، کە ئەویش چین و کۆمەڵگەیە بەرهەمهێنەرەکەشی داهێنەرە (عصفور، ٢٠٠٦: ٣٦).

بەو واتایەی کە ئەو میتۆدە لە دوو لایەنەوە لێکۆڵینەوە لەسەر دەق دەکات، لەلایەنی ناوخۆییەوە سوود لە بیر و بۆچوونەکانی فۆرمالیستەکان وەردەگرێت و جەخت لەسەر جیهانی پێکهێنەری ناوەوەی دەق دەکاتەوە، لەلایەنی دەرەوەشدا، دەق پەیوەست بە پەیوەندەکانی کۆمەڵگە دەکات و بەپێی ماددییەتی دیالێکتیکی و مێژووییەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە دەکات. لەم لایەنەی دەرەوەشیدا لەگەڵ کۆمەڵناسی ئەدەب یەکدەگرێتەوە و هەردووکیان بایەخ بەوە دەدەن کە دەق پەیوەست بە لایەنەکانی کۆمەڵگەوە بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. لەم ڕووەوە گۆڵدمان پێی وایە کە کۆمەڵناسی ئەدەب پێویستە دیالێکتیکی و پێکهاتەیی بێت و بواری ڕەخنەی ئەدەبیش ئەو بوارە سەرەکییە بێت کە میتۆدی تایبەت بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی بەرهەمی ئەدەبی تێدا بێتەکایەوە، کە پشت بە لایەنی کۆمەڵناسی و فەلسەفە ببەستێت بۆ دەرخستنی بنیادە دەلالییەکان و دیاریکردنی ئاستەکانی بەرهەمهێنانی مانا لە ڕێگەی شێوازەکانی جیهانبینییەوە (صدار، ٢٠٠٩: ٦٦).